Knowledge Press نۆڵج پرێس

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیە سەرۆکایەتی زانکۆی نۆڵج دەریدەکات

ساڵی یەکەم، بەرگی (١)، ژمارە (٢)، تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ https://www.knu.edu.iq

خاوەنی ئیمتیاز: پ.د.ئەحمەد دزەیی

سەرنوسەر: د. مەحەمەد عەزیز سەعید

# پیرۆزە...... پیرۆزە........ پیرۆزە

## خولی دوازدەی دەرچوانی

## زانکۆی نۆڵج ٢٠٢٣_٢٠٢٤

## زانست و هێز لای ئێمەیە

## ٤٠٦ قوتابی و خوێندکار

## ی٧ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

=====================================



وتاری سەرۆکی زانکۆی نۆڵج

ڕێزدار پ.د.ئەحمەد دزەیی

بەڕێزان میوانانی ئازیز، خانەوادەی دەرچووان، دەرچووانی خۆشەویست

ئەوکاتە و هەموو کاتێکتان شاد

ئەمڕۆکە دەبینین پۆلێکی تر لە دەرچووان و قوتابیانی زانست و پەروەرەکانی خولی دوازدەی زانکۆمان، ماڵئاوایی لە زانکۆ دەکەن و ڕوودەکەنە گۆڕەپانی خزمەت بە کۆمەڵگا. خۆشبەختانە دەرچوونی ئەو دەستە قوتابیانە هاوڕیزە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردوستان.

جێگای خۆشحاڵیە کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردوستان و زانکۆماندا هەیە. ئەوەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی زانستی و ئەکادیمی لەگەڵ هەموو دام و دەزگانی خوێندنی باڵای ناوە و دەرەوە. ئەو پەیوەندییە متەمانەی تەواوی داوە بە وەزارەت و ڕازامەنی کردنەوەی حەوزت بەشی زانستی نوێی دا بە زانکۆمان.

زانکۆی نۆڵج یەکێکە لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی هەرێمی کوردوستان لە ڕووی باڵەخانە و ڕووبەری سەوزایی و بەرنامەکانی خوێندن کە لەسەر بنەمای پرۆسەی بۆلۆنا بنیات کراوە.

زانکۆمان سەربەرزە کە گەورەترین سەنتەری ئەنجامدانی توانستی ئینگلیزی ( ئایێلتس) سەر بە سەنتەری ڕۆشنبیری بەریتانی لە خۆدەگرێ.

زانکۆمان بەردەوامە لە بەستنی پەیوەندی ئەکادیمی لە گەڵ دام و دەزگاکانی خوێندنی باڵا و تاوەکوو ئێستا زیاتر لە پەنجا یاداشتی لێکتێگەیشتنی واژۆکردووە. لەکێک لەو ڕێکەوتنانە

# پیرۆزە...... پیرۆزە........ پیرۆزە

=====================================

زانکۆکەت بناسە

د.ڕێناس یعقوب بیبانی

ئەندامی دەستەی ئەمینداران

زانکۆی نۆڵج- هەولێر

زانکۆی نۆڵج زانکۆیەکی تایبەتی ناحکومیە لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٩ بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١٥٢٦٨\٦ ی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردوستان دامەزراوە. هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ڕێگەی دامەزراندنی و باوەڕ پێکردنیان پێداوە. هەروها ڕێکخراوی ئەکادیمی جیهانی ئەسیک بڕوانامەی متەمانەی بە زانکۆی نۆڵج بەخشیوە و متەمانەکش بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاردەکات.

زانکۆی نۆڵج بە شوێنیکی بچووک دەستی پێکرد و ساڵ لەدوای ساڵ پەرەی سەند و فراوان بوو. ئێستا ڕووبەرەکەی ٤٨٠ دۆنمە و لە ٧٥% ی پانتاییەکەی باغ و گوڵستان و سەوزاییە. ئەوەش ژینگەیەکی تەندروست و کەش و هەوایەکی پاک بۆ ئارەزوومەندانی زانست و مەعریفەت بەردەوام دەرەخسێنێ.

زانکۆی نۆڵج لە هەشت کۆلێژ پێکهاتووە و ئەو کۆلێژانە ١٦ بەشی ئەکادیمی لە خۆیان دەگرن. وەکوو مژدەیەک ڕایدەگەیەنین کە بۆ خوێندنی ئەمساڵ٢٠٢٤\٢٠٢٥، حەوت بەشی ئەکادیمی نوێ کرایەوە و ئارەزووی قووتابیان تێر دەکات.

ئێستاکە نزیکەی ٢٧٠٠ قوتابی کوڕو کچ لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێم و عێراق و دەرەوە لە زانکۆی نۆڵج درێژە بە خوێندنیان دەدەن و بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرن هەریەکە بەپێی پسپۆڕی خۆی و توانای پێشبڕکێی وەست هێنانی هەلی کاریان دەبێت لە ناوە و دەرەوەی وڵات.

زانکۆی نۆڵج هەردەم دەرگاکانی واڵایە بۆ زانستیخوازان و گەلێ ئۆفەر و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. دەرچوانی زانکۆی نۆلج خۆیان و خانەوادەکانیان و کەسوکاریان دەتوانن بەردەوام سەردانی زانکۆبکەن بۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان لە نزیکەوە گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکانی زانکۆ ببینن و چێژ لە ژینگەی زانکۆ وەربگرن و یادەوەرییەکانیان زیندوو بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزم......

=====================================

لە ئینگلیزیەوە.... کاتێک ژیان تاریکایی بەسەر دا دێت، فێربە مانگت خۆشبوێ.

دوای ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا بریتیە لە پرۆگرامی خوێندنی دوو بڕوانامەیی لە گەڵ زانکۆیەیەکی ئەوروپی.
زانکۆمان چەندین کورسی خوێندنی دابینکردووە بۆ قوتابیانی کەمدەرامەت و کوڕو کچی شەهیدان و داشکانی زۆر باش پێشکەش دەکات بە یەکەمەکان و دووەمەکان و سێیەمەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.
پیرۆزبایی لە دەرچووان دەکەین، هیوای سەرکەوتن و تەندروستیان بۆ دەخوازین. دەستخۆشی لە مامۆستاکان و کارمەندانی زانکۆ دەکەین کە بەردەوام لە هەوڵ و کۆشش دان بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی دروست بۆ قوتابیان.
پیرۆزبایی لە شاری هەولێری خوشەویست. پیرۆزبایی لە کورد و کوردوستان دەکەین.
=================================



## ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوان چیە؟
## بۆچی ئەوەندە تایبەتە......

د.تالب خلیل هەمەوەندی
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی نۆلج

ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوان هیمای گۆڕانی شتەکانە و ئێستا ژیانت جیاواز دەبێ. لە ڕاستیدا زۆر جوانە ئاهەنگ بگێری بۆ ئەو دەستکەوتانەی تاوەکوو ئێستا لە ژیانت دا وەدەست هێناوە و شانازی بکەی بە یادەوەرییەکانی ئەو بەشە خوێندنەی بەتۆ بەخشرا.
پێش ناکەویت لە ژیانت و ئاوەتەکانت بەدی نایات تەنها بە تەواوکردنی خوێندن. تۆ لە ژیانت دا بەرەو پێش دەڕۆی لەوانەی لێرە بەدواوە فێری دەبی دوای ئەوەی زانکۆ جێدەهێڵی. وەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، پەساپۆرتە وەستت هێناوە پێی دەچیە ناو ژیانی ڕاستەقینەو بەباشی بەکاری بهێنە.
دوای دەرچونت لە زانکۆ هەرچ بلانێک دادەڕێژی لە یادت بێ ئارەزوویەکە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بزانی تۆ کێی و دەتەوێ لە ژیانتدا چی بکەیت.
ئەو ئەزموونانە لەگەڵ خۆتا ببە و باشبە بۆ هەرشوێنێک دەڕۆی و هەرچ شتێک دەکەی. خوا هەمووتان بپارێزی.
لە گەڵ ڕێزم.......
========================================

**بانگەواز: داوا لە گشت مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان دەکەین بابەتی بڵاوکردنەوەیان بنێرن بۆمان بۆ ئەو ئیمێڵەی خوارەوە. بەمەرجێک لە ١٥ دێڕ زیاتر نەبێ و وێنەیەکی خۆتی لە گەڵ دابنێ.**

## بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی
## م.مەهدی ئەمین هادی
## زانکۆی نۆلج-هەولێر



ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ڕاستەوخۆ سەر بە نوسینگەی سەرۆکی زانکۆیە ، ئامانجی ئەم بەڕێوەبەرایتیە بریتیە لە گرنگی دان بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ناوازە و تایبەت بە قوتابیان ، چونکە قوتابی هەر لەسەرەتای وەرگرتنیەوە لەزانکۆ تا ساتی دەرچوونیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم بە ڕێوەبەرایەتیە هەیە، وە هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەناو کەمپسی زانکۆش مامەڵە لەگەڵ هەموو کۆلێژ و بەش و یەکە کارگێرییەکانی زانکۆ دەکات ، لە کۆتادا لەگەڵ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ و بەرێز سەرۆکی زانکۆ ، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دوو یەکەی سەرەکی پێک دێت یەکەی وەرگرتن و تۆمار و یەکەی بەڵگە و بڕوانامەکان هەر یەک لەم یەکانە کاری زۆر گرینگیان پێ سپێردراوە، وەک:
**یەکەی وەرگرتن و تۆمار:** بەستافێکی کارامە و بە ئەزموون ساڵانە پێشوازی لە قوتابیان دەکەن، جگە لەوەش یەکەی تۆمار ئەم هۆبانە لە خۆ دەگرێت:
**هۆبەی ئەرشیف:** هەر قوتابیەک کە لای ئێمە وەردەگیرێ فایلی تایبەت بەخۆی بۆ دروست دەکەین هەموو زانیاریەکانی قوتابی لە ناو ئەم فایل و دۆکیومێنتە پارێزراوە.
**هۆبەی پشتگیری بۆ قوتابیان:** لەم هۆبەیە پشتگیری بەهەرسێ زمانی ( کوردی و عربی و ئینگلیزی ) دەدرێت بەقوتابیانی خۆشەویست.
**هۆبەی ڕێکخستنی ئامار :** لەم هۆبەیەدا خشتەکانی ئامار پەیوەست بە قوتابیان ئامادە دەکرێن و بە بەردەوامی نوێدەکرێنەوە و وردبینیان بۆ دەکرێت، لەکاتی داواکردنیدا دەدرێت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا .
**هۆبەی ووردبینی و ڕاستی و دروستی (صحه صدور) :** لەم هۆبە یە دا ووردبینی بۆ هەموو پشتگیری و بڕوانامە بە نمرەکان دەکرێت.
**یەکەی بەڵگە و بڕوانامەکان:** ئەم کارە گرینگانەی خوارەوە ئەنجام دەدات وەک:
١ - تۆمارکردنی نمرەی تاقیکردنەوەی قوتابیان و ئامادەکردنی ماستر شیتەکان دواتر لەلایەن لێژنەیەکی باڵا لەلایەن کۆلێژ و بەشەکانەوە چاوديری دەکرێت وردبینی بۆ دەکرێت.
٢ - ئامادەکردنی ڕیزبەندی قوتابیان بۆ گشت بەش و کۆلیژەکان.
٣- دروستکردنی بڕوانامەی بە نمرە و بڕوانامەی هەڵواسین (جداری) بەهەرسێ زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی.
٤ – ئامادەکردنی ئامار و سەربوردەی خوێندن تایبەت بە قوتابیان (السجل الاكاديمی).
٥- بڵاوکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە پێگەی فەرمی زانکۆ.

# پیرۆزە...... پیرۆزە........ پیرۆزە





**مێژوو لەسەر گردێک**

**ئاژانسی ئەمەریکی بۆشایی ئاسمان**

**٢٠ ی کانونی یەکەم ٢٠١٨**

**پ.ی.د. محمد عزیز لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە**

ئاشکرایە کە یەکەم شارستانیەت لە سەر زەوی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا ( عێڕاقی ئێستا) سەری هەڵداوە. جەنگیزخان هەوڵی دا گەورەترین ئیمپراتۆر لە مێژووی زەویدا دروستبکات. ئیمپڕاتۆری عوسمانی زەویەکانی ئەوروپا و ئاسیای بۆ نزیکەی ٦٠٠ ساڵ داگیرکردبوو. ئەو ئیمپڕاتۆرانە یەک ئامانجی هاوبەشیان هەبوو. ئەو ئامانجەشیان بریتی بوو لە دروستکردنی کەمپێک لەسەر پارچە زەویەکی بچووک، ئێستا ناسراوە بە ناوچەی کوردوستان لە باکووری عێڕاق: قەڵای دێرینی هەولێر.

قەڵای هەولێر کۆنترین شوێنی نیشتەحێبوونە لە سەر ڕووی زەوی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر. مێژووە درێژەکەی قەڵای هەولێر خۆی لەناو خاکەیدا دەبینێتەوە. لە سەرگردێک لە شێوەی هێلکەیی، بەرزیەکەی ٣٢ مەترە. لە خشڵ و خاشاک و پاشماوەی قووڕی خانووی کۆنی دانیشتوانی پێشووتر دروستکراوە. ئەو شارەکۆنە کەوتۆتە ناو جەرگەی هەولێر و لە ساڵی ٢٠١٤ خرایە ناو لیستی شوێنەوارە ناودارەکانی جیهان. ڕووبەرەکەی ١٠ هێکتارە ( ٢٤ فدان).

ئەو وێنەیەی قەڵای هەولێر و دەوروبەری لە ٢٠ی کانونی یەکەم ٢٠١٨ مانگی دەستکردی ئەمەریکی لاند سات ٨ گرتوویەتی. لەئاسمانەوە، قەڵای هەولێر لە سەنتەری شار وەکوو ویلی گالیسکە دەردەکەوێ. دیارە هەر بەڕێکەوت، بە لگەکان وانیشان دەدەن مرۆڤ لە سەردەمی عوبێد لێرە ژیابن، ئەوکاتە ویلی گالیسکە داهێنرا بێت. قەڵای هەولێر بە پایتەختی هەرێمی کوردوستان دەورەدراوە.

ئەمڕۆکە قەڵای هەولێر بە دیوارێکی درێژی سەدەی ١٩ هەم دەورەدراوە، ئەوەش ڕواڵەتی قەڵایەکی زەبەلاحی پاراستوو خۆی نیشاندەدات. لەناو ئەو دیوارانەدا، گەلێ کۆڵانی تەسکی لە لایەک داخراو هەیە، هەموویان لەگەڵ دەروازەی سەرەکی یەکدەگرنەوە و بەستراونەتەوە بە هەندێک کاول و خانووی گشتی و هاوڵاتیان. شێوازی شەقامەکانی لە زەمانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی وەرگیراوە.

ئەمڕۆکە بەرپرسانی حکومەت، تەنها یەک خێزانیان لە سەر قەڵای هەولێر هێشتۆتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بلێن تاوەکوو ئێستا قەڵای هەولێر ئاوەدانە و ژیانی لەسەرە. ئێستا قەڵای هەولێر یەک مزگەوتی ئاوەدانی لە سەرە لە گەڵ چەند موزەخانەیەک. هەندێک ڕێکخراوی جیهانی بەردەوام لەسەر قەڵای هەولێر کاردەکەن بە مەبەستی نۆژن کردنەوە و پارستنی لە داڕمان.

https://earthobservatory.nasa.gov/images/144736/history-on-a-hill



**ئەندازیاری کۆمپیوتەر**

**هێز هونەر عمر، قۆناغی چوارەم**

**کۆلێژی ئەندازیاری- زانکۆی نۆلج**

یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکان بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ئاسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و یارمەتیدەرە بۆ داهاتویەکی زەنگین. ئەندازیاری کۆمپیوتەر کەرەستە کارەباییەکان و کۆمپیوتەرەکان دروست دەکەن و بەرەو پێشییان دەبەن. ئەوان هۆکارن بۆپەیوەندی و پێکەوەبەستنەوەی خەڵک ، لە ڕێی (مۆبایلەوە، لاپتۆپەوە، تەلەڤزیۆنەوە) . هەروەها ئەوانن کە سیستەمی زیرەک دروست دەکەن بۆ لێکدانەوەی زانیارییەکان بۆ نموونە(عەقڵی کۆمپیوتەر ، سانسۆری فێنک کەرەوە ، سانسۆری سەیارە، عەقڵی سەیارە). کەسێک کە ئەندازیاری کۆمپیوتەر بێ دەتوانێ هەمان کاروباری یەکێ بەرێ بات کە پێویستی بە (ئەندازیاری کارەبا، ئەندازیاری سۆفتوێر) بێت. ئەندازیاری کۆمپیوتەر رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناو بازارەکاندا لەبەر ئەوەی بەرپرسە لە دروستکردنی بەشێکی چاک لە کەلوپەلە کارەبییەکان وەک ( سەیارە ، مۆبیایل ، تاوەرەکانی پەیوەندی کردن ، ئامێری فێنک کەرەوە ، کۆمپیوتەری تایبەت و کەرەستەکانی، وێبسایت، رۆبۆت ، ئاسایشی کۆمپیوتەر) . وە هەروەها زۆری تریش هەیە. کەسێک کە لەبەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەردا دەروا، هەل و فرسەتی دروستکردن و داهێنان و وەبەرهێنان و بیرکردنەوەو رادەربڕینی ئازادانەی زیاترە وەک لە کەسێک کە لەسەر رێچکەو رێبازێکی ترە.

===================================

**ژمارەی دەرچوانی خولی دوازدەی زانکۆی نۆلج**

| بەش | ژمارەی دەرچووان |
|---|---|
| ===== | ============= |
| ئەندازیاری نەوت | ٢٤ |
| شسکردنەوەی نەخۆشیەکان | ١٧٣ |
| زانستی کۆمپیوتەر | ١٨ |
| زمانی ئینگلیزی \ ئاداب | ٢٠ |
| زمانی ئینگلیزی\پەروەردە | ٣٣ |
| یاسا\بەیانیان | ٣٢ |
| یاسا\ئێواران | ١ |
| پەیوەندییەکان | ١١ |
| ژمێریاری\بەیانیان | ٢٦ |
| ژمێریاری\ئێواران | ١ |
| کارگێری کار\بەیانیان | ٦٥ |
| کارگێری کار\ ئێواران | ٢ |



## بایەخی ئاسایشی یاسایی
## د. انور عمر قادر
## سەرۆکی بەشی یاسا -زانکۆی نۆلج

ئاسایشی یاسایی یەکێکە لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی مرۆڤ و بە یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکان دادەنرێت، هاوشانی ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی فیکری، ئاسایشی ژینگە، ئاسایشی خۆراک و ئاو، ئاسایشی زانستی، ئاسایشی زانیاری، ئاسایشی سیاسی، وەک ئەوەی یەکێکە لە جومگەکانی بەدەستهێنانی متمانە، سەقامگیرکردنی دۆخەکە، بەدەستهێنانی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، و بناغەیەکی گرنگە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت. ئاسایشی یاسایی مافێکە لە مافەکانی تاکەکەسی و ئەرکی دەوڵەتە کە بۆ هاووڵاتیانی خۆی مسۆگەر بکات.

دەکرێت ئاسایشی یاسایی پێناسە بکەین کە بریتیە لەم ئاسایشەی کە یاسا ئارامی بە هاوڵاتییان دەبەخشێت لە کۆمەڵگەی سیاسیدا. گونجاوترین ڕێگا بۆ گەیشتن پێی بریتییە لە دەرچواندنی یاسا کە لەگەڵ ڕێساکانی دەستووردا بگونجێت، هەروەها پێڕەو و ڕێنماییەکان گونجاو و هاودەنگ بن لەگەڵ یاسا، بێجگە لەوەی دەبێت یاساکە ڕەچاوی ستاندەرە ڕواڵەتی و بابەتیەکان بکات لەگەڵ کوالیتی یاساکاری و دارشتنی دروست، ڕوونی ڕێساکانی و ئاسانی لە تێگەیشتن، و نەبوونی ناکۆکی و دژایەتی لەناو دەقەکانی یاسایەک یان لە نێوان ئەو و یاساکانی دیکەدا.

گەرەنتی بۆ هاتنەکایەی ئاسایشی یاسایی، گەرەنتی دانە لە دەقەکانی یاساکان بە تایبەت لەوانەی پەیوەندیەکی نزیکیان بە سیستەمی گشتیەوە هەیە، وەك: یەکسانی لەبەردەم یاسا، پاشەکشەنەکردنی یاساکان بۆ پێش دەرچوونیان بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دۆخەکە و پاراستنی مافە بەدەست هێنراوەکان و سەرسوڕمان نەکردنی تاکەکان بە پابەندبوونێک کە پێشتر بوونی نەبووە یان کار یان ڕەفتارێك کە ئەنجامی داوە کە لە ڕابردوودا تاوان نەبووە بە یاسای کۆن یان ڕێگەپێدراو بووە یان سزاکەی لەو کاتەدا کەم بووە بەڵام لە یاسای نوێ بە تاوان دانراوە یان پێشتر تاوان بووە بەڵام سزاکەی سووك بووە و لە یاسای تازەدا قورس کراوە، ڕوونی لە دەقە یاساییەکان کە هاوڵاتی پێشبینیکردنی لە یاساکان هەبێت، بەو مانایەی کە زانیاری تەواویان هەیە لەسەر ئەو ماف و ئەرکانەی کە لە یاساکەدا هەن، گەیاندنی دەقە یاساییەکان بە ڕێگەی ئاسان بە هاوڵاتییان، جگە لە هەموو ئەوانە، گەرەنتی دیکەش هەن، لەوانەش ئاسایشی دادوەری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە هەموو قۆناغەکانی دادگاییکردندا لە لایەنی تاوانکاری و شارستانی.



## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری
## د.نەشوان عدنان عوسمان
## زانکۆی نۆڵج

**بەڕێوەبەرایەتی دلنیایی جۆری زانکۆی نۆڵج ئامانجی چاودێریکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوامە کە لە لایەن کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆ بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی جێبەجێ دەکرێت. هەموو ئەمەش لە پێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندنە. پرۆسەی دڵنیایی جۆری بریتییە لە چەند چالاکیەکی بەردەوام لە پلاندانان، چاودێریکردن، بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن، و جێبەجێکردن. پەرەپێدانی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری لە ناو زانکۆکان دا یەکێکە لە ستراتیژیەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. پڕۆسەی دڵنیایی جۆری چەند بەرنامەیەک لە خۆ دەگرێت:**

**١ .دڵنیایی جۆری خوێندن.**

**٢ .زانستخوازی بەردەوام**

**٣ .پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی خوێندن**

**٤ .هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا**

**٥ .مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشین**

**٦ .فیدباکی قوتابیان**

**٧ .ڕیزبەندی جیهانی زانکۆکان**

**ئەم بەرنامانە بەچەند ڕێنماییەک داڕێژراون کە لەگەڵ ئەزمونی خوێندنی باڵا لە کوردستان بگونجێن و لەگەڵ ستاندەری بەرنامەکانی زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان هاوتابن. زانکۆی نۆڵج گرینگی تەواوی بە ئەم پرۆسەیە داوە و هەمیشە لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆردا جێبەجێی دەکات و ساڵانەش پێداچونەوەی لەسەر دەکرێت .ئەو پڕۆسەیە دڵنیایی جۆری دڵنیایی دەدات لە:**

**١ .ئەو بروانامەی کە لەلایەن زانکۆکانەوە بە خوێندکاران دەدرێت.**

**٢ .دڵنیایکردن لە جۆری خوێندن.**

**٣ .پشتگیریکردنی قوتابی لە کاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان و پارستنی مافیان.**

**٤ .دڵنیاکردنەوەی بازاری کار لە ئاستی هونەری و زانستی کادیرانی پیشەیی.**

**.٥، پێداچونەوە و بەدواداچوون، چاودێریکردن، بریاردان و لێکۆلینەوە لە ناوەرۆکی وانەکان و جۆری وتنەوەیان.**

**.٦ ئاراستەکردنی مامۆستایان لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی ئەکادیمیان.**